بۆکان لەمێژوودا (٥٩) ئەنوەر سوڵتانی

## ڕۆژنامەی کوهستان

ئەم ڕۆژنامە هەفتەییە بە زمانی فارسی لە تاران دەرچوە. سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان بوە، کە لە ساڵانی برەوسەندنی هەستی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیجازەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی وەرگرت.

لە ڕاستیدا باڵی کەمتر شەڕخوازی ناو حکوومەتی ئێران، بۆ بەرپەرچ دانەوە و بەرەنگاریی کردنی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە مەهاباد و موکریان و بەرهەڵست دانان لە بەرانبەر پروپاگەندەی سەربەخۆیی خوازی لە ناوچەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، ئیجازەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیەی دابوو و ڕۆژنامەکە وەک هێزێکی سێهەم لە نێوان کۆماری کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەوری دەبینی.

کوهستان دژایەتی سوپای ئێران و کوشت و بڕی کوردستانی دەکرد و ڕەخنەی لە دام و دەزگا سوپاییەکان و گەورە ئەفسەرانی ئێرانی دەگرت. هەر بەوەش ببوە جێگەی پەسندی زۆر کەس تەنانەت لە موکریان. لاپەڕەکانی کوهستان دارماڵی گازندە و ڕاگە یاندن دژ بە کردەوەی سوپا و مەئموورانی حکوومەت لە کوردستانە هەربۆیەش گەلێک لە خەڵکانی ناوداری کورد بابەت و شیعر و نامەیان بۆ ناردوە.

بەشێک لە شیعرو بابەتەکان بە کوردی نووسراون.

بەداخەوە من تەنیا ٤٨ ژمارەی ساڵی یەکەمی کوهستانم لەبەر دەستدایە کە لە نێوان ١٣٢٣/١٢/٧ و ١٣٢٤/١٢/١٦ دا بڵاو بوونەتەوە. ئەم ژمارانە گەلێک بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکانیان تێدا دەبینرێت؛ لەوانە، بابەتی زمانەوانی و مشت و مڕی حەسەنی قزڵجی یە و هەروەها شیعرێکی عەبباسی حەقیقی، نامەی پیرۆزبایی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە لایەن سەعیدی هومایون، تەرجەمەی کوردی هەژار لە شیعرێکی پەروین ئیعتیسامی و نامەیەکی حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە. شیعرەکەی مامۆستا هەژار لە کتێبی بۆ کوردستاندا بڵاو بۆتەوە بەڵام نامەکەی ئێلخانی زادە خاوەنی گرنگایەتی سیاسییە و بەم بۆنەوەیە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

<u>نامەی حەمەدەمین ئاغا ئێلخانی زادە</u>

*بەدڕۆخستنەوە*

*[ڕۆژنامەی] اطلاعات، نوسخە بۆ [ڕۆژنامەی] کوهستان، نوسخە بۆ [ڕۆژنامەی] قیام ایران.*

*هەواڵێک کە لەژێر سەردێری "چوون بۆ باکۆ" دا چاپ کرا و وشەی "ئێلخانی زادە" ی تێدا نووسرا، بوە مایەی سەرسووڕیی زۆر، لەبەر ئەوەی هیچ عەقڵێکی سالم و مەنتیقێکی ڕاست کردەوەی ئەوتۆ بۆ بنەماڵەی ئێمە بەو پێشینە دوور و درێژەی وەتەن پەرەستییەوە ئیجازە نادات. من بە توندی ئەو مەسەلەیە بەدرۆ دەخەمەوە و داوای چاپ کردنی ئەم تێلەگرافە و ساغ کردنەوەی ئەو هەڵەیە دەکەم.*

*[١٣]٢٤/٧/١٨=[١٩٤٥/١٠/٩]*

*محەمەدئەمین ئێلخانی زادە*

ڕوونکردنەوە : خوالێخۆشبوو حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە، کوڕی مەحموود ئاغا و برای عەبدوڵڵا ئاغای ئێلخانی زادە لە ئاغاواتی بۆکان بوو. ناوبراو لە عەینی ئەوەدا کە برایەکی واتە ئیسماعیل ئاغای ئێلخانی زادە وەزیری ڕێگا و بانی کابینەی پێشەوا قازی محەمەد و ئامۆزاکەی واتە حاجی ڕەحمان ئاغای ئێلخانی زادە (پاشان موهتەدی) وەزیری ڕاوێژکاری پێشەوا بوون، خۆی هەڵوێستێکی دژبە کۆماری کوردستانی هەبوو.

ڕۆژنامەی "کوهستان"، چاپی تاران، ژمارە ٣٠، ساڵی یەکەم، دووشەممە ٢٣ی میهری ١٣٢٤ [١٥/١٠/١٩٤٥]